خوێندنەوەیەک بۆ ئێستای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

عەبدوللەتیف یاسین*
هەولێر

من لێرەدا حەزدەکەم قسە و باسێك بوروژێنم لەسەر واقعی سیاسی یەکگرتوو، کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕەقەمێکی دیار و کاریگەرە، هەروەها وەك موتابعێك ئەم قسەیە دەکەم، چونکە ئەوانەی من دەناسن، دەزانن کە بە دیدگایەکی حیزبی شت نانووسم، بەڵکو وەك کەسێکی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەم، لەناو حزبیشدا ئەم ڕاستییە دەزانن. لەدوای هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥) لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی وتارێکم نووسی لەژێر ناونیشانی (کێ بەرپرسە لە شکستەکەی یەکگرتوو؟) دیارە کۆمەڵێك ڕەخنەم ئاراستەی یەکگرتوو کردبوو ئەوکاتە، کاردانەوەکانیش جۆراوجۆر بوون لەبەرامبەر ئەو بابەتە، دەستخۆشی و شتی پێچەوانەی دەستخۆشییە تێدا هەبوو. بەهەرحاڵ.. من بە گرنگم زانی ئەو شتانە ئەو کاتە بخەمە ڕوو، ئێستا لەم ساتەوەختەدا بە گرنگی دەزانم چەند خاڵێکی تر بخەمە ڕوو، دەکرێ زۆر گونجاو بن بۆ ئەم قوناغەی ئێستای هەڵبژاردن:

یەکەم: من پێم وابوو لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا سەرکردایەتی یەکگرتوو زۆر دوور بوو لە جەماوەر، بەشێوەیەك پەیوەندییەکان پچڕابوون، بەڵام ئەمجارەیان دەبینین سەرکردایەتی زۆر بە جموجوڵە لە گۆڕەپاندا، شان بەشانی کادیرەکان کار دەکەن و لە کۆڵانەکاندا چالاکییان هەیە، ئەوە خاڵێکی زۆر بەهێزی یەکگرتووە لەم قۆناغەی هەڵبژاردندا. چەندین ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان خەریکی بەستنی لافیتە و هەڵواسینی دروشمەکان بوون.

دووەم: لە کەناڵەکاندا حزورێکی زۆر باشیان هەیە، بەشێوەیەك هەست دەکرێت دابەزیونەتە ناو دەزگاکان، چونکە لەبەردەم زۆربەی بارەگا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکاندا دەبینرێن، ئەوەش خاڵێکی بەهێزی تری ئەم قۆناغەیە.

سێیەم: دابەزینی بە یەك لیست، حەجم و قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی پێشان دەدات، لەبەر دوو هۆ.. یەکەمیان: جاری پێشتر دەنگدەرانی لیستی چوار حیزبەکە دیار نەبوو چەند بەچەندە، هەرکەس بەسەر بەژنی خۆیدا هەڵیدەگوت. ئەو دەیوت لەسەدا ئەوەندە هی من بوو، ئەویتریش هەمان حەیرانی دەهۆنیەوە.

دووەم: ئەو کەسانەی زویر بوبوون لە یەکگرتوو، ئەم جارە دەگەڕێنەوە، چونکە گوتار و تەوژمی (لیستی گۆڕان) ئەو کاتە کاریگەری لەسەر هەندێك لە ئەندامانی یەکگرتوو هەبوو.

چوارەم: سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردن لەلایەن دەزگاکانی یەکگرتووەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، وەك دابەشکردنی وێنە و دروشم و لافیتەکان، دەتوانم بڵێم جاری پێشتر لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کابانەدا، فەراغێکی زۆر هەبوو، (کە زۆر بێ خوێ دەرچووبوو)، بەڵام ئەمجارەیان دابەزینی سەرکردایەتی بۆ ناو مەیدان، کارەکانی زۆر ئاسان کردووە.

پێنجەم: کوتلەی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان کوتلەیەکی زۆر کارا و بەهەڵوێستە، ئەوەش خاڵێکی تری هێزی ئەم جارەی یەکگرتووە. پەرلەمانتارەکانی یەکگرتوو زۆر ماندوونەناسانە کار دەکەن، بەشێوەیەك توانییان لەم ماوە کورتەدا زۆربەی کوردستان ڕوومااڵ بکەن بە سەردان و بەسەرکردنەوەی ناوچە جیاجیاکان، توانیویانە زۆر نزیك لە هەناسە و نەهامەتیەکانی خەڵك تێبگەن.

شەشەم: یەکگرتوو سەلماندی خاڵی بەهێزی گەلێك زۆرە، ئەگەر بتوانێت بەگەڕیان بخات، ئەوەش لەبەر کۆمەڵێك ئیعتیبارات، کە هەردەم پێویستی بە دیراسە و لێکۆڵینەوەیە، چونکە ئەزموونێکی نوێیە لە گۆڕەپانەکەدا.

١- یەکگرتوو مێژوویەکی پڕ سەروەری هەیە لە بەخێوکردن و ئاوەدانکردنەوە، وەك لای بەڕێزیشتان ئاشکرایە، یارمەتیدان لە زەمەنێك بۆ زەمەنێکی تر جیاوازی هەیە. ئەو زەمانەی یەکگرتوو خەریکی خێرکردن و چاکەکردن و بەخێوکردن و ئاوەدانکردنەوەی لادێ و ناوچە وێرانبووەکان بوو، زەمانێکی زۆر سەخت بوو، بۆنموونە کاتێك یەکگرتوو بێ باوکەکان (منداڵە نازدارەکان)ی بەخێو دەکرد، خەڵکانێك منداڵی کوردیان بێ باوك دەکرد، کاتێك یەکگرتوو بێوەژنی دەپاراست و دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکرد، خەڵکانێك ژنە کوردیان بێوەژن دەکرد، یان جەرگیان دەسوتاند، کاتێك یەکگرتوو خەریکی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بوو بە قوتابخانە و نەخۆشخانە و پرۆژەی ئاو و مزگەوتی ئەنجامدەدا، خەڵك خەریکی کاولکردنی شار و چارۆچکەکان بوو، شیراتۆن و بیناکان بەڵگە بوون لەسەر ئەوە، یەکگرتوو لە زەمەنە سەخت و دژوارەکاندا خێر و چاکەی کرد، دواتریش سوننەتێکی جوانیشی بۆ خەڵك جێهێشت.

٢- لە بواری ئەدەب و نووسینی پەیامداری بونیاتکاردا دەستێکی باڵای هەبوو، بڕۆ سەیری کتێبخانە بکە لەڕووی (زۆری و بۆرییەوە) نا، بەڵکو لەڕووی جۆرەوە، کاتێك ئەوان دەستیان کرد بە کۆکردنەوە و خوێندنەوەی کلتوری ئەدەبیمان، زۆر کەس ئەوەی پێ نەدەکرا، یان نەیدەکرد، دەتوانم ڕێگە بەخۆم بدەم و بڵێم.. بیرکردنەوەی ئەوکاتەی یەکگرتوو لەئاست ئێستای کوردستاندا هێشتا لەپێشتر بوو، بەڵام ئێستا بەداخەوە کەلێنێکی جێهێشتووە، ئەم لایەنە بە شێوەیەك لە شێوەکان فەرامۆش کراوە، هیوادارم یەکگرتوو بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەکەمان ئەو لایەنەش جارێکی تر زیندوو بکەینەوە.

٣- دیارە لەپاڵ ئەو پرۆژانەدا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگی پێ بوو، ئەویش پرۆسەی هاوسەرگیری جۆرێك لە گەرموگۆڕی و هاندانی گەنجان (کوڕان و کچان)ی پێوە دیاربوو، سەیریش لەوەدا بوو گرانی مارەیی وردوخاش کردبوو، دەتوانم بڵێم لەناو هەموو ئیسلامییەکاندا ئەو دیاردەیە هەبوو، بەڵام ئێستا لەم بوارەدا کەمتەرخەمییەك هەیە، پێگومان پێویستی بە چاوپێداخشانەوە هەیە.

یەکگرتوو سەرمایەی گەورەترین هێزە، کە هەموو جیهان کاری پێیەتی و چاویشی لێیەتی، ئەویش گەنجە، بەڵام گەنجێکی داوێن و دەست و دەم پاك، گەنجی زانست ویستی شەیدای وڵات و خاك، (لەگەڵ ئەوەشدا چەم بێ چەقەڵ نایێت)، ئەو گەنجانە سەرمایە و داهاتی حکومەت و میللەتن، بۆنموونە ژمارەی جگەرەکێشەکانی ناو یەکگرتوو بە پەنجەی دەست هەژمار دەکرێن، لە کاتێکدا وەك دەڵێن ئەوە هەر بە عەیب ناچێت. گەنجێك بێت پارەی جگەرە و مەی و بار و داوێنپیسی بۆ وڵات و نیشتمان بگێڕێتەوە، دەبێ چ گەنجێك بێت، خۆ ئەگەر هەر کار نەکات، دەبێ ڕۆژانە چەند پارە بگێڕێتەوە، ئەدی ئەگەر کاریش بکات..؟

گەنجی یەکگرتوو دوورترین کەسن لە توندڕەوی و دەمارگیری ئاینی، دەتوانم بڵێم بەشێك لە چاککردنی حاڵەتی ئیسلامی لە کوردستان، ئەو مەنهەجە پەروەردەییەی یەکگرتوو بوو، کە توانی بەشێکی بەرفراوان لە گەنجان لەدەستی عەقڵیەتی توندڕەوی و تەکفیر ڕزگار بکات.

٤- هەروەها دەبێ بایەخ بە پرۆسەی ڕەخنەگرتن و بەخۆداچوونەوە بدرێت، کە ئێمە وەکو یەکگرتوو یەکەم دەنگی (نەخێر) بووین لەئاست ناعەدالەتی و ناحەقی، لەسەر ڕەخنەگرتنیش ئێمە خوێنمان لە بادینان و ناوچە جیاجیاکانی ئەم هەرێمە داوە، هەروەها لە ناوخۆی حیزبدا دەبێ لە هەموو حیزب و لایەنەکانی تر بازنەی ڕەخنە و بەخۆداچوونەوە فراوانتر بکرێت، یەکگرتوو نابێ لە نموونەی حیزبەکانی تر بچێت، چونکە ئەزموونێکی زۆر جوانیان نییە، تا ئێمە لاسایان بکەینەوە و شانازییان پێوە بکەین، هەروەها دەبێ ئەو شوێنە خاڵی لێکجیاکەرەوەمان بێت، نەوەك لاساییکردنەوە.

٥- دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە نایێت ئێمە هەموومان (یەکگرتووەکان) سیاسەتمەدار و سیاسی بین و لایەنەکانی تر فەرامۆش بکەین، ئامانجی ئێمە کە لە سەرەتاوە دەستمان پێکرد، بۆ چاککردنەوەی خراپەکان و چاکترکردنی چاکەکان بوو، ئەم وڵاتە خواروخێچی زۆری هەیە، کە ئەرکی ئێمەیە لەڕووی ئایینی و نیشتمانییەوە قۆڵی لێ هەڵماڵین، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئەندام و کادیر و سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو هەریەکە و بە پسپۆڕی و کاری خۆیەوە سەرقاڵ بێ، نەك زۆربەی داوای کورسی پەرلەمان و پۆست بکات، شوێن و کورسییەکانی یەکگرتووش لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و پەرلەمان و حکومەتدا سنوورداره، دەبێ بە چاوێکی واقیعیەوە سەیری ئەو بابەتە بکەین و ئەرکە سەرەکییەکەی خۆمان لەدەست نەدەین، کە بریتیە لە حیزبێکی ئیسلامی ئیسلاحی سیاسی کوردستانی، چونکە (خەڵکویستی خۆنەویستی) نموونەی ناسینەوەی ئێمەیە لەناو جەماوەری کوردستان.

٦- لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە تازە سەرەتامانە و شازدە ساڵە حیزب خۆی ڕاگەیاندووە، هەر هیچ نییە بۆ پرۆژەیەکی چاکسازی ئیسلامی، باشترین نموونەش سەیری تورکیا بکەین، (شێخ سەعید نەورەسی ـ بدیع الزمان) کەی دەستی پێکرد و (ئەردۆگان و گیول) کەی جێبەجێیان کرد..

لێرەدا حەز دەکەم قسەیەکی ئەمینداری گشتی بێنمەوە، کە دەڵێ:" ئەگەر بۆ خەڵك کۆتایی بێت، ئەوە بۆ ئێمە تازە سەرەتایەکەیەتی".

لە کۆتاییدا دەڵێم سەرەتای عەلمانیەکان لە کوردستان بە حیزب دەستی پێ کرد، خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ جەماوەری مەزڵومیەتی گەلی کورد بوو، بەڵام ئێستا وەك مەشروعێکی سەرانسەری کار دەکەن و لە شێوەی دامودەزگا کار دەکەن و لە زۆر بواردا هەستیان پێ دەکرێت، بەڵام ئیسلامییەکان لە کوردستان وەك مەشروع هاتن ـ وەك باسم کرد ـ خێرخوازی و ئەدەب و کۆڕ و بەگەڕخستنی گەنجان و خوێندن و کەسانی باشیان پێگەیاند، بەڵام ئێستا خەریکە خۆیان لەناو حیزبێکی سیاسیدا قەتیس دەکەن، لە کاتێکدا خۆیان خاوەن مەشروعن.

***ئەم بابەتە بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕەوانە کرا، بەڵام بەچەند بیانویەك بڵاو نەکرایەوە..**

> کاتێك یەکگرتوو پێوە ژنی دەپاراست و دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکرد، خەڵکانێك ژنە کوردیان پێوە ژن دەکرد، یان جەرگیان دەسوتاند..

بەڵی بۆ چاکسازی و نابۆ گەندەڵی

دکتۆر بورهان ئەحمەد باڵەکی*



یەکێك لەو ئافاتانەی کە بەڕۆکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، بریتییە لە نەبوونی کەسی لێهاتوو و بەتوانا لە شوێنە هەستیار و گرنگەکاندا، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ و دواکەوتنی لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا.

عێراقیش لەم ڕووەوە لەسەر ئاستی جیهان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ساڵی ڕابردوو بە یەکێك لە وڵاتە گەندەڵەکان دادەنرا. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی گەندەڵی بریتییە لە نەبوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا. لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خولی ڕابردوو کورد بە (٥٨) ئەندام، کە (٥٣) ئەندام لە لیستی هاوپەیمانی و (٥) ئەندام لە لیستی یەکگرتوو بەشدار بوو، وەك بینیمان کاتی هەڵبژاردن یەکگرتوو بۆ یەکەم جار لە کوردستان و عێراق پەیامی دژی گەندەڵی بەرز کردەوە، لەو پێناوەشدا پۆلێك لە ڕۆڵە چاکسازەکانی شەهید کرا و بریندار بوون، هەروەها بارەگاکانی سوتێنران و تاڵان کران بە بەرچاوی خەڵك و دنیا و میدیاکانەوە. لەلایەکی ترەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا یەکگرتوو بە خائین و دژی کورد ناوزەد دەکرا و و دەوترا کە ئیتر یەکگرتوو لەگەڵ عەرەبەکاندایە و کوردستان دەفرۆشێ!! دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر پەرلەمانی عێراقدا، بینیمان کە کێ بوون ئەوانەی هەمیشە بەرگرییان لە کورد و کوردستان دەکرد، هەرگیز هیچ ڕۆژێك بەرژەوەندیی تاکەکەسی و حیزبییان پێش بەرژەوەندیی گەلی کورد و میللەت نەخستووە. ئەمە و ئەو دەستکەوتە مەزنانەی کە تۆماریان کردن لە خزمەتکردن بە خەڵکی بەشخوراوی گەلی کورد، بەتایبەت دایکی شەهید و ئەنفالکراوەکان و منداڵ و کەسوکاریان، هەروەها خەزمەتکردنی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی لە سەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕدا خرانە کونجی بەندیخانە و ئازاری جەستەیی و دەرونی و جوامێرییان درا و نینۆکیان دەرهێنرا و دەست و قاچیان شکێنرا، ئەویش بە دیاریکردنی مووچەی شایستە بۆیان و ڕەوانەکردنی پارەی دیاریکراو، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ئەو بڕە پارەیەی بۆیان دیاری کراوە، نەگەیشتۆتە دەستیان. هەروەها داکۆکیکردن لە پێدانی زەرەر و زیانی ئەو خانەوادانەی کە خانوو و باخ و مەروماڵات و گوندیان ڕووخێنرا و چەسپاندنی لە دەستوری عێراقدا و تەنها ماوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە (پەیمان بێت داکۆکی لە جێبەجێکردنی دەکەین). بینیمان لە کاتی دیاریکردنی بڕی کورسی کوردستان و زیادنەکردنی ئەم بڕە، چۆن بەرگرییان کرد و بڕیارەکەیان ڕەت کردەوە و دواتر ئەم بڕە زیاد کرا، هەرچەندە دوای ئەمەش پێیان کەم بوو و دەنگیان بۆ بڕیارەکە نەدا. هەموو ئەمانە و چەندان کاری گرنگی دیکە، تایبەت بە مادەی (١٤٠) و ناوچە دابڕاوەکان بەهۆی بوونی کەسی شیاو و دەست و دەم پاك و بوێر و دلێر لە شوێنی شیاو بەدەستهێنراون و بەدەست دەهێنرێن، بە پشتوانی خوای گەورە و متمانەی جەماوەر.

پێغەمبەری خودا (درود و سەلامی خوای لەسەربێت) دەفەرموێت "ئەگەر کار و فەرمانەکان درانە دەست کەسی ناشایستە، چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی بن". ئەمیش چونکە گەندەڵی بڵاو دەبێتەوە، هەروەها ستەم و نایەکسانی پەرەدەسەنێت و وڵات بۆنی گەنیوی لێ هەڵدەستێت، هەر بۆیە مرۆڤی ژیر و موسڵمان ناکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ پاڵنەرێکی دەرەکی و نابابەتی بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکردنی نوێنەرانیان بۆ هەر کارێك بێت، تاوەکو نەبنە شەریکی گەندەڵی.

دیاریکردنی کەسەکان و هەڵبژاردنیان، دەبێ پشت ئەستور بێت بە ڕادەی خوێندن و ئاستی ئەکادیمی و شارەزایی و بوونی پرۆژەی چاك و نووسراو و توانای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، هەروەها نووسینی پرۆژەی هەبێت و زمانی زانستی و باوەڕپێکەر بزانێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی دروست بن، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی گونجاوی هەبێت و گەنج بێت و شارەزایی لە داکۆکیکردنی مافەکان هەبێت و لەو بوارە جێدەستی لە ڕابردوودا دیار بێت. بەم پێیە ئێمە دەتوانین کەسانی شیاو بەرێ بکەین بۆ شوێنی شیاو، خەفەت لە دەنگمان و متمانەماڵ ناخۆین و ڕووسور و سەربەرز دەبین لەلای میللەت و گەل و، ڕەزامەندی خوای گەورەش بەدەستدەهێنین، ئینشائەڵلا.

***کاندیدی ژمارە (٥) لە لیستی (٣١٥).**